# سیناریۆ نوێیەكان

(خوێندنەوەیەك بۆ ئەگەرەكانی لێدانی عیراق)

عوسمان ریشە
dyako@maktoob.com

زۆر لە سەرچاوەكان پێیانوابو لەمانگی ئەیلولەوە گۆربنی دەسەلاًت لەعیراقدا دەكەوێتە واری كرداریەوە. سەرچاوە هەواڵگری و راگەیاندنەكانیش لەو بارەیەوە چەندین تێزو نەخشەیجۆراوجۆریان بلاْوكردۆتەوە یان بەواتایەكی دیكە ئەو ریگایانەیان بەرچاوخستووە كە ئەمریكا لەئایندەدا كاری لەسەردەكات. هەندێك پێیان وایە ئەمریكا دەیەوێ سیناریۆی گۆرینی دەسەلاْت لەعیراق لەسەرەتادا بخاتە بەرچاوان تاكو لەئایندەدا بتوانێت لەبەررۆشنایی بۆچونەكان پیادەی بكات، واتە سیناریۆیەكی دارشتووە تاكو سیناریۆ گەورەكەی سەركەوتوو بێت كەدە ساڵ زیاترە كاری لەسەردەكات و چەندین قۆناغیشی بریوە. وەك دیارە ئەمریكا دەیەوێ لەلایەك زیاتر بخزێتەناوچەكەو لەلایەكی دیكەوە دوبارە نمایشی نیشاندانی هێز بكاتەوە و بازاری چەك وجبەخانەكەی خۆی زیاتر بكات و چاویخاوەن سەرمایەونەوتی ناوچەكە بترسێنێ و روئیایەكی دیكە لەسەر خۆی و ناوچەكەش بەرچاو بخات.

هەندێكیش پێیان وایە ئەمریكا دەیەوێ دۆسیەی عیراق بەرەو كۆتایی بەرێت، چونكە ماوەیەكی زۆرە پیْیەوە مژووڵ بووەو لەشكرێكی زۆری بە دیارەوە چاوەروانن، بۆئەوەش باشترین ریگاچارە یۆ بەكۆتاهێنانی ئەو باودۆخەی كە ئەمریكا تێیكەوتووە گۆرینی ئەو رژێمەی ئێستایە و بەبنبەست گەیاندنی پرۆسەی چاوەروانیی زۆرە. ئەگەر ئەوە راستبێت لەوانەیە سیناریۆی كاربۆكراو راستبێت لەوانەشە وانەبێت.

لەنێوان هەردوو حالەتەكەدا لەیەك نزیكیەك هەیە. لەلایەكی دیكەشەوە خوێندنەوەی ئەو دەستەواژەیە هەلۆیستەیەكمان پێدەكات، بەلاْم ئەوەشیان نابێتە مایەی ئەوەی هەر بۆچونێكی دیكە جێگای نەبێتەوە یاخود بواری بۆ نەبێت، بۆیە پێمان وایە مەسەلەكە زیاتر پەیوەندی بەچۆنیەتیی هاتنە ناو بارودۆخەكەوە هەیە نەك مەسەلە دروست كردنی بارو دۆخ بێت، چونكە ئەزمونیچەند ساڵەی ئەمریكا ئەوەندەی لێدەخوێندرێتەوە كە بلێین: لای ئەمریكا گرنگ دروست كردنی رووداو نیـیە بەقەد ئەوەی مەبەستیچۆنیەتیی چوونە ناو رووداوەكەیە و دۆزینەوەی بیردۆزەیەكی نویێە كەتیایدا تەواوی بەرژەوەندیەكانی خۆی لەسەر بنەمای پارێزگاری نەتەوەیی بونیاد بنیْ.

دوای ئەوە بۆهەر رووداوێك چەندین پسپۆروشارەزا لەهەموو بوارەكاندا كاردەكە ن و سیاسەتی ئایندەی دەوڵەتی لەسەر دادەرێژن و دەشیانەوێت زۆربەوردی هەموو هەنگاوەكان دیراسە بكەن، تاكو ئەمریكای زلهێزی ئەمرۆ نەبێتە ئەمریكای زلهێزو دۆراوی دوێنێی شەری ڤێتنام. لەو لایەنەوە ئەگەر خاڵێكی دیكە زیاتر بواری قسە كردن هەڵگرێت (كات) ە، كات لەو دەمەی كە ئەمریكای بەشەری ڤێتنامەوە خەریككردبوو لەگەڵ كات لەو سەردەمەی كە ئەمریكای بە دانانی سیناریۆی جەنگێكی نوێ دژبە عیراق مژوولكردووە زۆر لەیەك جیاوازن، لەوەی یەكەمیان دا یەكێتی سۆڤیەت و نەبونی تەكنەلۆژیای پێشكەوتووی وەك ئێستاو نەبوونی كێشەیەك بەناوی تیرۆری نیودەوڵەتی ...هتد لە گۆریدابوون بەلاْم ئێستا بارەكە بە پێچەوانەیە.

ئەگەرئەمریكا لەشەری ڤێتنامدا خاوەنی ئەو چەك و جبەخانە پێشكەوتووەی ئێستا بووایە، تەكنە لۆژیاش لەو ئاستەدا بووایە، یەكێتی سۆڤیەتیش وەك رووسیای لەبرسان كەوتووی ئێستابووایە، زۆر كەس پییان وایە ئەمریكا قسەیەكی دیكەی دەبوو.

بۆمەسەلەی عیراقیش راپۆرتە هەواڵگرییەكانی (CIA) دەریان خستووە كەكۆسپو تەگەرەی زۆر لەبەردەم ئەمریكادا هەیە، كەچی راگەیاندن بەدیوێكی دیكەدا مەسەلەكە دەخوێنێتەوەو لەچەند راپۆرتێكدا كە ئەو رۆژانە لەسەر تۆری ئەنتەرنێتدا بلاْوكرابوونەوە ئاماژە بۆئەوە دەدەن كە كۆسپ وتەگەرەكان بۆ ئەمریكا بایی ئەوەندە نین كە حیساباتیان بۆ بكرێت، ئەوەش لەسەر زاری چەند بەرپرسێكی پایەبڵندی پنتاگۆنەوە دەگوازرێتەوە وزیاتر درێژەی پێدەداو دەڵێهێزو تواناكانی ئەمریكا زۆر لەوە زیاترە كە لە جەنگی ئەفغانستاندا بینراوە. بەلاْم ئەو لایەنەی كەئەمریكای نیگەران كردووە ولاْتانی دراوسێی عیراقن ئەوانەی ئەمریكا راوێژیان لەگەڵدا دەكات چونكە هەریەك لەوانە دەیانەوێلەئایندەی ناوچەكەو خۆیان دڵنیابن و دەشیانەوێت لەهەر ئاڵوگۆرێكدا پشكیان هەبیت، دڵنیاییشیان دەوێت لەسەر ئایندەی عیراق كەوەك دەردەكەوێت زیاتر ترسیان لەچەند پارچە بوونی عیراق بێت كەئەوەش بۆئەوان ئالۆزترین كێشەو گرفتی ئایندەیی دەبێت.

تانوسینی ئەو وتارە ئەمریکا ئەو کێشەیەی هەر ماوە، تورکیا بیانوی خراپبونی باری ئابوری هەیەو ئوردن دۆستێکی لەمێژینەی ئەو رژێمەیەو ئێران و سوریاش کەلەکەیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا قوولْ ناکەن و ئەگەربشکرێت رێگریی دەکەن و هەردوو لاش پێیان خۆشە ئەمریکا شکست بخوات. بۆیە بۆ ئەمریکا کەش وەهوا پێویستیی بە زیاتر رێًکخستن هەیە و دەبێ هەرچۆنێك بێت بتوانێت بەسەر ئەو کۆسپانەدا زالْ بێت، لە هەمان کاتدا ئەمریکا خۆشی ئەو راستییە باش دەزانێت و دەزگای هەوالْگریش لەسەر ئەو راستیە راپۆرتێکی پێشکەشی سەرۆکی ئەمریکا کردووە و تیایدا ئاماژەش بە لەشکری عیراقی و هێز و تواناکانی دەدا و پێشی وایە جەنگی ئەمریکا ـ عیراق، وەك شەری ئەمریکا ـ ئەفغانستان ئاسان نابێت هەروەهائەو نەخشەو پیلانانەی کەلەو دواییانەدابلاْو کرانەوە بەس نین بۆخۆئامادەکردنێکی درێژخایەنە وئەوەی خۆیان دەیلْێن بەهەمان شێوەکۆتایی وبردنەوەیەکی مسۆگەر نیە لەجەنگێکدا کەنازانرێت سەرەتاکەی چۆن دەستپێدەکات. بۆ وەلاْمدانەوەی تەواوی ئەو پرسیارانەش کە ئەورۆلەناوشەقامداهەن کۆتاییەکانی مانگی ئەیلول و سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوو هەنێ وەلاْمیان پێدەبێت.



www.kurdistannet.org